# کێ گەنجە کوردەکان روت دەکاتەوە؟؟

## هانا شوان

هەوالی سوکایەتی پێکردنی دەسەلاتتدارانی تورك بە گەنجانی کوردو سنورداش کردنەوەیان بە روتی و دوبارە بونەوەی ئەو رەفتارە یەکێك بو لەو هەوالانەی گەنجان کەلە چەند راگەیاندنێکەوەی بلاو کرایەوەو چوە سەر لیستی ئەو سوکایەتیە بێوێنەیەی تورکەکان بە کوردانی هەر چوار پارچەی دەکەن ئەگەر چی دەبوا بە شێوەیەکی تر مامەلە لەگەل کوردانی باشور بکەن بە پێیەی قەوارەیەکی رێژەییان هەیەو کۆمەلێ رێککەوتنی ئابوری و سیاسی لە نێوان ئەو قەوارەیەو تورکیادا هەیە بەلأم پێدەچێت دەسەلاتدارانی باشور بۆ پاراستنی ئەو رێکەوتنانە کە بێگومان لە بەرژەوەندی خۆیانە ، ئیدی ناپرسن لە بازگەکانی تورکاندا چی بە کوردان دەکرێت.

ئەوەی دەمەوێت راشکاوانە باسی لێوە بکەم هۆکاری سنورداش کردنەوەی گەنجانی کورد بە روتی چیە؟ مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە جەندرمەی تورك لە راوەدونان و کوشتن و سوکایەتی کردن بە گەنجی کوردی ناچار کراو بە هەلأتن رۆژانە بە دوای شێوازی نوێدا دەگەرێن و دواترینیشیان روت کردنەوەی ئەو گەنجانەیە بەردەستیان دەکەون ،پرسیارێك لێرەدا خۆی فەرز دەکات ئەویش ئەوەیە ئەو گەنجانە بۆ وایان لێکرا؟تەنها دەروازەش بۆ وەلأم دانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەیە ئاماژە بە هۆکارەکانی کوچ پێکردنی گەنجانی باشور بدرێت و لە پێناسە گشتیەکەی دا بە ناعەدالەتی کۆمەلأیەتی ناو ببرێت.

رۆژانە لە کوردستان دەیەها جانتای کۆڵە پشت دەفرۆشرێت (ئەو جانتایەی گەنجەکان شتەکانیانی تێدەکەن کاتێك بریاری کۆچ دەدەن) و گەنجان بریاری کۆچ دەدەن و ئەگەر داب و نەریتی رێگر نەبوایە ئەوا لێشاوی کۆچی کچان بەری پێنەدەگیرا.

ئەو ناعەدالەتیە کۆمەلأیەتیەی لە باشور هەیەو کۆمەڵگای کردۆتە دوبەشەوە و کارێکی وایکردوە کەئەگەر هەر گەنجێك خۆی تەسلیمی پارتێکی سیاسی نەکردبێت کە زۆرینە ناچارن وا بکەن یان کوری دەولەمەندو دەست رۆیشتویەك نەبێت ،ئەوا بە دلنیاییەوە دەبێت بیر لە سیکۆتین خواردن،خۆکوشتن ،کۆچ بکاتەوە.

ئەوانە تەنها دەروازەن گەر نا هیچ خواستێکی ئەو لەو بەشەی کوردستاندا نایەتە دی ،کەواتە ئەوە دەسەلاتە گەنج توشی قەیران دەکات و ژیانی لێتال دەکات و رێی هات و نەهاتی پێدەگرێتە بەر، وا لە گەنجێك دەکات کە تەنها دەیەوێت بژی ببێتە توندرەو ، خۆزگە بە دزەکان بخوازێت ،نەفرەت لە ژیان بکات و سەری خۆی هەلبگرێت .

گەرنا دەسەلات دەیتوانی لە بری ئەو هەمو زەویەی بۆ عەرەب و بازرگان و مەزرەعەی بەر پرسان تەرخان دەکرێت نیوەی بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێبون تەرخان بکردایەو سەدەها گەنجی لە سنورداشکردن و خۆ کوشتن و قەیرانی دەرونی رزگار بکردایە، ئەوە تەنها نمونەیەکی خەمساردیەکانی دەسەلاتە ئیتر ناعەدالەتی وەرگرتنی زانکۆو کورسی خوێندن و کارکردن و..... ووو.... ئەوانە سەردەمێکی درێژیان دەوێت بۆ باس کردن.

ئەوە دەسەلأتی کوردیە لاوەکان لە هیوا بۆ ژیان ،روانین بۆ ئایندە ،خۆشەویستی نیشتیمان،خۆشەویستی بۆ لاوێتی خۆیان روت دەکاتەوەو تورکەکانیش کارەکە تەواو دەکەن و جەستەشیان روت دەکەنەوە .